# لە پاش مەرگی

# فیدل کاسترۆ کێیە؟



**ئامادەکردنی/ مەجید ساڵح**

جارێکی تر فیدل کاسترۆ جیهانی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردوە، بەلاّم ئەم جارەیان نە بەوتارە حەماسیەکانیەتی و نە بەو وێنانەی کە بە کێشانی جگەرە هاڤانایەکانی دەیگرتن، بەڵکو ئەمجارەیان بەو نەخۆشیە قورسەوە سەرنجی دۆست ودژمنەکانی بۆ لای خۆی راکێشاوە. رۆژانە دۆژمنەکانی ولە سەرووی هەموشیانەوە ئەمریکا چاوەڕێی مردنی ئەو پیاوەیە و دۆستەکانیشی لە سەرووی هەموویانەوە گابریل گارسیا مارکیز سەرقاڵی پیا هەڵدانیەتی. لێرەداو پێشەوەخت ئەم هەندە زانیاریە لە سەر ئەو پیاوەی کە 48 ساڵە حوکمی وڵاتەکەی دەکات دەخەینە روو بۆ ئەوەی لەکاتی مردنیدا بە وێژدانەوە حوکمی لە سەر بدات.

کاسترۆ لە 13 ئایاری ساڵی 1927 لە کێڵگەیەکی قامیشی شەکەر کە هی باوکی بووەو نزیکی شاری "بیرن" کەرتی رۆژئاوای دورگەی کوبایە لە دایک بووە. باوکی ودایکی بە رەگەز ئیسپانین وکۆچیان کردوە بۆ کوبا. باوکی بە کرێکاری دەستی پێکردو پاشان بو بە خاوەن 23000 فەدان زەوی. کاسترۆ منداڵی خۆی لەو کێڵگەیەدا بەسەر برد وپاش ئەوەی تەمەنی گەیشتە شەش ساڵی باوکی بۆ خوێندن ناردی بۆ سانتیاگۆ. ولەوێ لە قوتابخانە یەسوعیەکاندا درێژەی بە خوێندندا. یەکەم جار لە ساڵی 1933 لە قوتابخانەی "دولوریس"ی سەرەتای خوێندی وکاتێکیش تەمەنی بوو بە پازدە ساڵی لە ساڵی 1942 چووە پەیمانگای بیلان لە هاڤانا. کاسترۆ خوێندکارێکی زیرەك و وەرزشکارێکی سەرکەوتوو بوو، لە ساڵی 1944 خەلاّتی باشترین وەرزشکاری پێدرا.

لە ساڵی 1945 چووە کۆلیژی ماف لە زانکۆی هاڤانا، پاش تەواوکردنی خوێندن لە ساڵی 1950 لە گەڵ دوو هاوڕێی خۆی لە زانکۆ ، نوسینگەیەکی پارێزەریان لە هاڤانا کردوە. زۆربەی ئەو کێشانەی کە کاری تێدا دەکردن کێشەی هەژاران وبێنەوایان بوو. لە ساڵی 1952 خۆی ئامادە کرد بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی پەرلەمان. بەلاّم جنراڵ باتیستا کودەتایەکی سەربازی کردو حکومەتەکەی سەرۆك سوکاراسی روخاندو هەڵبژاردنی قەدەغەکرد.

کاسترۆ داوایەکی لەسەر جنراڵ باتیسا تۆمار کردو بەوەی تاوانبارکرد دەستوری پێشێل کردوە. بەلاّم دادگا داواکەی رەدکردەوە. کاتێك کاسترۆ بۆی روون بوەوە لە رێگەی یاساوە ناکرێت رووبەڕووی ئەو کودەتاچییانە بێتەوە، لە ساڵی 1953 تیپێکی چەکداری پێك هێنا کە لە 156 کەس پێك هاتبوون وبە مەبەستی گرتنی کەرتی رۆژهەلاّت هێرشێکیان دەست پێکرد. بەلاّم هێرشەکە سەری نەگرت وزۆربە خراپی تێك شکان. نیوەی هێرش بەرەکان کوژران وئەوانەشی دەرباز بوون بە خودی کاسترۆ و رائولی برایشیەوە دەستگیرکران. هەردوکیان لە زیندان مانەوە تاکو لە ساڵی 1955 بەرلێبوردن کەوتن.

کاسترۆ ویستی بە رێگەی ئاشتیانە رووبەڕووی دەسەلاّتی دیکتاتۆریی سەربازی باتیستا بێتەوە،بۆیە سەفەری کرد بۆ مەکسیك تاکو لەوێ کوباییە دورخراوەکان رێکخات ، دواتر تیپێکی سەربازی بە ناوی بزوتنەوەی 26 تەمووز پێك هێنا، ئەو ناوەش رۆژی دامەزراندنی بزووتنەوەکە بوو. لە ساڵی 1956 تیپەکەکە ژمارەیان 82 چەکدار بوو، هێرشیان کردە سەر کەنارەکانی کەرتی رۆژهەلاّت، بەلاّم ئەم هێرشەش بە تەواوی تێك شکا و تەنیا 12 کەسیان رزگاری بوو. پاشان بە فەرماندەیی کاسترۆ پاشەکشەیان کرد بۆ زنجیرە چیاکانی "سیارا مایسترا" ولەوێوە شەڕی گەریلاییان دژ بە حکومەتەکەی جنرال باتیستا دەست پێکرد.

شەڕی گەریلایی سەرکەوتن لە دوای سەرکەوتنی بە دەست هێناو ژمارەی چەکدارەکانی کاسترۆش تا دەهات زیاتر دەبوون و تەنانەت ژمارەیان گەیشتە هەزار کەس. شەوی سەری ساڵی 1959 لە کاتێکدا پاتیستا سەرقاڵی ئاهەنگ گێران بوو، کاسترۆ هێرشە ناودارەکەی بۆ سەر شاری هاڤانا دەستپێکردو زۆربەخێرایی شۆڕشگێڕان دەستیان بە سەر شارەکەدا گرت وپاتیستا ناچار بوو لە وڵات هەڵات. لە 1959/1/7 ئەمریکا دانی بە حکومەتەکەنوێیەکەدا ناو لە مانگی شوباتیشدا کاسترۆ بوو بە سەرۆکی حکومەت ، بەم جۆرە ناکۆکییەکان لە گەڵ ئەمریکادا تا دەهات زیاتر دەبوو. یەکەمین ناکۆکی ئەوە بوو کاسترۆ

دەستی بە سەر ماڵ وموڵکی ئەمریکیەکاندا گرت و لە بریدا پارەیەکی کەمی پێدانەوە. زۆربەی ئەو موڵکانە هی مافیاکانی ئەمریکا بوون کە لە پەنجاکاندا بە هۆی نزیکی کوباو ئەمریکا و نەبوونی دەسەڵاتی یاسای ئەمریکا لەوێ چالاك ببوون.

لە ساڵی 1960 هەموو موڵکەکانی ئەمریکا لە کوبا خۆماڵی کران و حکومەتەکەی کاستڕۆش خۆی لە یەکێتی سۆڤیات ووڵاتانی کۆمەنیستی نزیك کردوە. ئەوەش بوو بە هۆی تورە بوونی ئەمریکاو پچڕاندنی پەیوەندیە دیپلۆماسیەکانی لە گەڵ هاڤانا. ئەوپەیوەندیانە زیاتر تێك چوون کاتێك لە 17 نیسانی 1961 نزیکەی 1300 کۆبایی /ئەمریکی بە پاڵ پشتی CIA لە ڕێگەی "دوورگەی بەرازەکان"ەوە هێرشێکی سەرنەکەوتوویان کردە کوبا.

CIA پێی وابوو هەرکە هێرشەکە دەست پێبکات گەلی کوبا دژی حکومەتەکەی کاستڕۆ رادەپەڕن، بەلام شتی وا رووی نەدا. بە پێچەوانەوە خەڵکەکە شان بە شانی هێزە چەکدارەکان دەستیان دایە چەك بۆ ورووبەڕوو بوونەوەی هێزە داگیرکەرەکان. ساڵی1963 قەیرانە بەناوبانگەکەی روکێتە سۆڤیاتیەکان سەری هەڵداو خەریك بوو جەنگێکی ئەتۆمی جیهانی لێبکەوێتەوە. ئەمریکا بۆی دەرکەوت سۆڤیات رۆکێتی دورهاوێژی لە کوبا بەستووە ، بەوەش هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی ولاتەکەی زیاتر دەبێت. هەر بۆیە سەروك کیندی فەرمانی گەمارۆدانی ئاسمانی ودەریایی کوبای دەرکرد. ئەو گەمارۆیە تا ئەو کاتەی خرۆشۆف بڕیار لادانی ئەو رۆکێتانەی دەرکرد بەردەوام بوو. بەلام پەیوەندیەکانی کوباو ئەمریکا هەر بە ئالۆزی مانەوە. دوابەدوای ئەو قەیرانە کاستڕۆ بوو بە کەسێکی پابەند بە ئایدۆلۆژیای "مارکسی لینینی" ودەستی دایە دەستبەسەراگرتنی موڵکی ئەوانەی کوبایی نین وهانی پرۆژە جوتیارییە هاوبەشەکانیدا وریفۆرمی ئیداری بە شێوەیەك ئەنجامدا لە خزمەتی جوتیاران وکرێکاراندا بێت. ئەو رێوشوێنانەی کاستڕۆ گرتبوونیە بەر بوون بە هۆی هەڵهاتنی ژمارەیەك لە کوباییەکان بۆ ولایەتی فلۆریدا ولە"مەیامی"ەوە چەندین رێکخراوی دژ بە دەسەڵاتەکەی کاستڕۆ دامەزراند و تا ئێستاش لە هەوڵی روخاندنی رژێمەکەی کاستڕۆدان. کاستڕۆ لای خۆیەوە یارمەتی چەندین بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی داوەلە ئەمریکای لاتین و ئەفریقا، جگە لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان. بە پێچەوانەوە کاستڕۆ دوستێکی نزیکی سەدام بوو.